ئەعرەجی:ئاوگۆی سەردانەکانی نێوان بەغدا و تاران ئاماژەیە بە قووڵایی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات

ئەمە دووشەممە، قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی دووپاتیکردەوە کە ئاوگۆی سەردانەکانی نێوان بەغدا و تاران ئاماژەیە بە قووڵایی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە" قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، ئەمە لە نووسینگەی خۆی، پێشوازی لەسکرتێری ئەنجوومەنی بای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، عەلی ئەکبەر ئەحمەدیان، و شاندی یاوەری، بە ئامادەبوونی محەممەد کازم ئەلسادق باڵیۆزی ئێران لە بەغدا کرد، ولەکەبوونەوەیەکدا تیشك خرایە سەردەمی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە وزیاتر پەرەپێدان بە پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە هەموو ئاستەکاندا.

هەروەها ئەعرەجی ڕاگەیاند کەپێیوەندییەکانی نێوان بەغدا و تاران جیاکرێوە و ستراتیژین، چونکە دوو وڵات و گەلی دەست زێر شتی هاوبەشیان هەیە، ئاماژەی بەوەشکرد کەعێراق هەمیشە هەوڵدەدات پێیوەندییەکانی لەگەڵ هەمووان بەهێزتر بکات بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات لەگەڵ وڵاتان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتر.

ئەعرەجی وتی" ئاوگۆی سەردانەکانی نێوان بەغدا و تاران قووڵایی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دووپات دەکاتەوە و ئاماژەیە بە باشی پێیوەندییەکان و دیدگای هاوبەش بە مەترسی و

رکمانیەکان، وەوونیشی کردەوە کەئەمە پەویستی بووە کە چارەسەرکان ڕاستەوخۆ بن و بە تاکلایەنە بن.

ئاماژەی بەوەشکردووە" هاوبەشی لە گفتوگۆی بنیاتنەردا هەموو کەش سەرهەڵداوەکان چارەسەر دەکات. لەلای خۆیەوە ئەحمەدیان ئاماژەی بەوەدا کە سەرکردایەتی ئێران هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە عێراق و ئێران یەک پێیوەندییان بە قووڵایی مێژوویی درێژخایەن هەیە، ڕوونیشیکردەوە کەئێران لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری عێراق مامەڵە دەکات و دەکرێت هەموو کەشکان لە ڕێگەی گفتوگۆی بنیاتنەر چارەسەر بکرێن.